# گەڕانەوە

پەری شێخ سالح
(سلێمانی)

لە نێوان قەڵەمەکەم و
نووسینی تۆدا
نیوەی تەمەنم دەگوزەرێ
کەمتر لە تەمەنی دوو ئەسپێکە
قەڵەمیش وەکو ئەسپێ
بەدوای خۆیدا ڕامدەکێشێ
لەم ناوەدا هەر وشەیەک
دەنکە ترێیەکە لە پێکێکا
هەر کتێبێک هەڵدەدەمەوە
لاپەڕەکانی سپین
تا ئەو کاتەی وشەکان
دەنگی تۆ لەخۆ دەگرن
لە دەنگی تۆدا سروشت زیندووە
جارێک هورووژمی "با"یە
جارێک شڵەقانی ئاوی مەنگە
جارێکیش دەنگەکان
نێڵە نێڵی ئاگرن
پەیمان و غrووری کۆن
دەخوێنمەوە
ڕستەیەکی تەواو نەکراون
لە لاپەڕەیەکی سووتاوا
چەند چاوم دەڕژێنم بەسەریا
هیچ بەدی ناکەم
کەشتیش بوو بێت
نقوم بووە لە ئاوا
ئەگەر ئەو ڕستەیە ڕێگاش بێت
چیتر نایبڕم
لە هەر کوێ بم
دەگەڕێمەوە و
دەست پێ دەکەم لە نوێوە
دەشێ دوای خۆم
گۆمێ وشەم جێهێشتبێ
دەنگی دێتە گوێم لەوێوە
ئەوەی دەیبیستم ماچێکی "خۆشم دەوێ"یە
دوای گالیسکەی
قەڵەمەکەی من کەوتووە
دەگەڕێمەوە
ئەو ماچەش بەخەبەر دێنم
کە لەناو زەرفی نامەکەی تۆیا
نووستووە.

